پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە: لە نوێژ کردن لە پاش نوێژی بەیانی هەتاوەکو خۆر دەردەچێت، ولە نوێژکردن لە پاش نوێژی عەسر هەتاوەکو خۆر ئاوا دەبێت

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: چەند پیاوێک شایەتیان بۆ دام ولە هەمووی زیاتر کە شایەتیدانی قبوڵکراوە لە لام عومەرە کە دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە: لە نوێژ کردن (نوێژی سونەت) لە پاش نوێژی بەیانی هەتاوەکو خۆر دەردەچێت، ولە نوێژکردن لە پاش نوێژی عەسر هەتا خۆر ئاوا دەبێت». لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ نوێژێک (نوێژێکی سونەت) لە دوای نوێژی بەیانیەوە ناکرێت هەتاوەکو خۆر دەردەچێت، وهیچ نوێژێک (نوێژێکی سونەت) لە پاش نوێژی عەسرەوە ناکرێت هەتاوەکو خۆر ئاوا دەبێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری بە هەردوو ریواتەکەی]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیەدا نەهی کردووە لە نوێژکردن لە پاش نوێژی بەیانی هەتاوەکو خۆر دەردەچێت ولە هێڵی پانی بەرزدەبێتەوە بە ئەندازەی سێبەری ڕمێک کە لە پانتاییەکی زەویدا دانرا بێت، وئەمەش بە ماوەی نێوان 5 بۆ 15 خولەک دەکات، وزانایان ڕای جیاوازیان هەیە لە سەر دیاریکردنی، وباشتر وایە لە پاش 15 خولەک نوێژ بکرێت. وهەروەها نەهی کردووە لە نوێژکردن لە پاش نوێژی عەسر هەتاوەکو خۆر ئاوا دەبێت، واتا: لە پێش بانگی مەغریب بە چەند خولەکێک، چونکە نوێژکردن لەم کاتانەدا خۆچواندنە بە موشریکەکان کە خۆر دەپەرستن لە کاتی دەرچوونی وئاوابوونی، ونەهیمان لێکراوە لە خۆچواندن بە موشریکەکان لە پەرستنەکان وشتی تریشدا؛ چونکە ئەوەی خۆی بچوێنێت بە کەسانێک ئەوا لە ئەوانە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3081